# کێ ڕووی ئیسلامی ڕەش کردووە. . ؟!

موزەفەر عەبدوڵا

لەم ڕۆژانەدا کۆنگرەیەك لە شاری قورتوبەی کۆنە پایتەختی ئیمپراتۆری ئیسلامی لە ئسپانیا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ساز دراکە نزیکەی دوو سەد کەس لە ووڵاتانی جۆراوجۆرەوە تیایدا بەشداربوون. کۆنگرەکە زیاتر تایبەت بوو بە مەسەلەی ژنان و ئیسلام. هاوکات بانگەوازی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایان کرد کە تێروانینی ڕەشی خۆیان لە بەرامبەر ئیسلام بگۆڕن بە تایبەتی دوای ڕووداوی ١١ ئەیلول. هەروەها لەو کۆنگرەیەدا باس لە مەسەلەی توندو تیژی لەبەرامبەر ژنان کراوەو ئیدانەی یان کردوە. بانگەوازی ژنانیان کردوە کە لە بەرامبەر ئەو جیاوازیانە بوەستنەوە کە لە مەیدانی کارو دەست هەق و خوێندن و تەندروستی بەسەریاندا دەسەپێنرێت. ئەمە جگە لە چەند ڕووداوی لاوەکی تر لە کۆنگرەو پەراویزی کۆنگرە ڕوویان دا.

تاوانی یانزەی ئەیلول کە ئاڵقەیە بوو لەو تاوانە گەورانەی کە لەم یەك دوو دەیەی ڕابردوو بە دەستی ئەم جرو جانەوانە ئەنجام درا کەم لایەن هەبوو ئیدانەی نەکات، جگە لە خودی تالیبان و قاعدەو سەدام حوسەین و هەندێك ڕەوتی ئیسلامی تر. دیارە ئەم ئیدانەیەش زۆربەیان نەك لەبەر ترسی ئەمریکا و ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی تایبەتی، بەڵکو بە خاتری ئەوەی تاوانە و تاوانێکی گەورەش بوو دژ بە مرۆڤایەتی کرا. لەو کاتەوە دوو ڕاستی زۆر زیاتر و ڕۆشنتر بۆ زۆربەی هەر زۆری خەڵکی جهان ئاشکرا تر بوو. ئەویش :

یەکەم :هەم باشتر ناوەڕۆکیگەندەڵ و ڕەشی ئەم ڕەوت و تاقمە ئیسلامی و دەوڵەتە ئیسلامیانە دەرکەوت هەم بەم جۆرە ناوەڕۆکی بیروباوەروکردەوەو نەریتی ئیسلام باشتر دەرکەوت لەبەرامبەر مرۆڤدا. ئەم کردەوانە ئەوە دەردەخەن کە ئەمانە خۆیان و بیرو باوەڕیان چەندە بە مرۆڤایەتی ناکۆکن و چۆن مانەوەیان هەر لە بناغەوە لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ئەمرۆ بە کوشت و برو تۆقاندن و دژایەتی کردنی هەموو دیاردەیەکی پیشکەوتنخوزانە ماوەتەوە.

هەرکەس زەرەیەك بە هەر بڕگەیەکی میژووی ئیسلام بە دریژایی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ ئاشنا بێت ئەم ڕاستی یەی بۆ دەردەکەوێت کە ڕووی ئیسلام لە بناغەدا ڕەشەو دژی مرۆڤە دەنا ئەگەر وا نەبێت بۆ ئاوا یەکسەرە دوا ئەم ڕووداوە ئەم ڕووە سپی یەی ئیسلام وا ڕەش بوو؟؟!!. هەموو ئەم هەولانەی کە دەدرێت لە لایەن ئەو کەسانەوە بەر لەوەی بیانەوێ ڕووی ئیسلام سپی کەنەوە دەبێت خاترجەم بن لەوەی کە بەو پەلە قاژەیە ناتوانن ئەم ڕوو ڕەشە کە بە درێژایی میژوو ڕەش بووە سپی بکەنەوە. جا نەك نویژ لە کۆنە مزگەوتی قورتوبە بکەن، بەڵکو لە کۆشکی سپی و کرملین وکەنیسەکانی رۆما و فاتیگانیش بکەن هەر سپی نابێتەوە.

هەر کەس و لایەن و دەوڵەتیك گەر دەیەوێ ڕووی ئیسلام سپی بکاتەوە باشترە واز لەو بیروباوەرو خورافە یە بهێنێ تا ڕووی ڕەش نەبێت. یا خود با ئەو کەسە کۆنەپەرستانە بچن دەست کاری ئەو ئایات و حەدسانە بکەن کە هەمووی مایەی شەرمەزاری یە چونکە بە ئاشکرا بانگەوازی کوشت و بڕ دەکات.

بە ڕاستی هیچ بیرو باوەڕێك ئەوەندی ئیسلام جورئەتی _دیارە جورئەتەکەی لە دڕندایەتی یەوە _ نەکردووە بە ڕاشکاوانە دژی مرۆڤ و سەرەتاترین مافەکانی مرۆڤ بێت بە تایبەتی ژنان و کەسانی دژ بە ئیسلام و خەڵکیسەر بە دینەکانی تر.

بەڵام ئیستا ئەوە ماوەیەکە زیاد لە هەر کاتێکی تر ئەو دەستەو تاقمانە کە خۆیان بە شێوازی مەدەنیانە دەردەخەن لەم ووڵات و لەو ووڵاتی ڕۆژئاوا کۆدەبنەوەو بە خەڵکی ڕۆژئاوا دەڵێن بۆ بە ڕەشی تەماشای ئیسلام دەکەن و بۆ بە سەلبی تەماشای ژنانی موحەجەبە دەکەن ؟!. بەم بانگەوازەیان دەیانەوێ بە حیسابی خۆیان وا نیشان بدەن کە ئیسلام باشەو ڕوی سپی یە، خەڵکی ڕۆژئاوا خراپەو بە ڕەشی تەماشایان دەکەن. دیارە ڕووی دەمیشان لە خەڵکە نەك لە دەوڵەتە دژی مرۆڤی یەکانی ڕۆژئاوا

لەسەروو هەمویانەوە ئەمریکای هاوکاری ئیسلامی یەکان. ئەم بانگەوازە بۆ خەڵکی ڕۆژئاوا لە کاتێکدایەکە ئەم خەڵکە زیاتر لە دوو سەدەیە ئاینی مەسیحیان فڕێ داوەتە سەر زبڵدانی میژوو سەرەنجامی ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا. بەڵام ئەوەی کە خەڵکی مۆدێرنی ڕۆژهەڵات هێشتا ئیسلامی توڕ هەڵنەداوە ئەوە لەبەر ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستی و ڕووی سپی ئیسلام و ڕەوت و حزب و حکومەتە ئیسلامی یەکان نی یە. بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە. ئەوە بەهۆی جیاوازی گەشەو بەرەو پێش چونی کۆمەڵگاو ڕادەی درندایەتی ئیسلام و دەوڵەتە ئیسلامی یەکان و هاوکات کۆمەکی دەوڵەتە ئیمبریالیستی یەکانی ڕۆژئاواوە بووە. تەنانەت دەورانێك بلۆکی بەناو سۆسیالیستیش خەریکی سات و سەوداو بووە لەگەڵ ئەم بزوتنەوەو و حزب و دەوڵەتانە. دەنا وا نەبوایە زۆر لە مێژ بوو ئیسلامیش ئەو شەقەی مەسیحیەتی دەخوارد. ئەو ساتەش دێتە پێشەوە کە خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژ هەڵات شەقێکی وا لە ئیسلام هەڵدا کە هەرگیز پشتی ڕاست نەکاتەوە. چونکە هەر هێزێك چەندە زوڵم و زۆری گەورە بێت ئەوەندش گورزی گەورەتر بە دەستی خەڵکي ئازادیخوازی دەخوا. دینی ئیسلامیش لە چاو دینەکانی تر وەحشیگەری گەیشتۆتە ڕادەیەك کە دینەکانی تر ڕیسوا بوونە بەهۆی کردەوەکانی ئیسلامەوە. چونکە ئەوە ڕۆشنە کە لێدان لە هەر دینێك کاریگەری لەسەر دینەکانی تریش دادەنێ.

مەسەلەیەکی تر کە لەو کۆنگرەیەدا باس کراوە مەسەلەی ژنان و مافەکانی ژنانە. ناکۆك ترین و نا سروشتیترین ڕاو هەڵویست یەوەیە کە کەسێك بێت و لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە بێت قسەو بەرگری لە کێشەو مافی ژنان بکات. ئەم لایەنگرانەی مافی ژنان ئیتر چ ژن بن یان پیاو لەم کۆنگرەیەدا دەبوایە بەهۆی کردەوە جوانەکانی تالیبانەوە چاویان هەلنەیە باس لە مەسەلەی ژنان بکەن. ئەم ژنانە بەم کارەیان تەنها دەتوانن خۆیان تەفرە بدەن. چونکە نە خەڵکی ئازادیخواز بەم قسە پوچانە تەفرە دەخوا و نە ئوستادەکانی فیقهو شەریعە بەم قسانە مێش میوانیان دەبێت چونکە ئەوانە وەك بن لان و مەلا عومەرو خومەینی و ملك فهدو عمر بشيرو حسن ترابي باش دەزانن سونەتەکانی محمدی کوری عبدالله پەیرەو بکەن. ئەوان با برۆن بزانن کە لە سەرچاوەکەی ئیسلام دا یانی قورئان چۆن باسی ژنان کراوە _لەوەشە بزانن _ ئەمە جگە لەوەی ئەو خانمانە ئەو ئاغایانە لە باس لە مافەکانی ژنان هاتون تەنها بەرگری یەکی ڕواڵەتیان کردووە لە مافەکانی ژنان لە فڵان و فیسار مەیداندا. یاخود تەنها ئیدانەی توندو تیژیان کردووە. لە کاتێکدا کێشەی ژنان بەر لەوەی مافی خوراو بێت لەفلان و فیسار مەیدان یان توندو تیژی روون بێت، بەڵکو کێشەکە بناغەیی ترە و کێشەی ڕەگەزی یە. یانی ژن لە روانگەی ئیسلامەوە کە لە قورئاندا هاتووە بە مرۆڤێکی کەم ئەقڵ و بە نیوە مرۆڤ دادەنرێ. لەو گۆشەیەشەوە لە هەمو مەیدانەکانی ژیاندا وا مامەڵەی لەگەڵ دەکات. بۆیە ئەو خانم و ئاغایانە بۆ ئەوەی ڕوی ئیسلام سپی کەنەوە دەبێت برۆن هەموو ئەو ئایات و حەدیسانە بگۆڕن و تەزویر بکەن ئەو کات لەوەیە ئاهیك بە دڵنیاندا بێتەوە، کە نایاتیشەوە.

دووەم : ڕاستی دووەم کە ئاشکراتر بوو، زیاتر دەرکەوتنی ناوەرۆکی خودی ئەمریکای هاوپەیمانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوی ئیسلام و ئیسلامی یەکان بوو. ئیتر هەر لە تالیبانەوە بگرە تاسەدام حوسەین و مبارك و فەهد و فلان و فیسار مەلك و سەرۆك.

وەك ئاماژەمان پێ کرد مرۆڤایەتی کە ئەم تاوانەی مەحکوم کرد نە بە خاتری چاوی شینی بۆش و بلێر نەخیر ! بەڵکو بە خاتری خودی ئەوەی کە تاوانە و تاوانێکی ئاواش تەنها لە لایەن ئەو لایەنانە و هاوکارانیانەوە دەکرێ ئەنجام بدرێ. لە ڕاستی دا چەندە ئەو کارەساتە ناوەرۆکی ئیسلامی و ئیسلامی یەکانی نیشان دا ئەوەندش ناوەرۆکی گەندەڵی سیستەمی سەرمایەداری و دەستەی دەسەڵاتداری ئەمریکای نیشان دا. چەندە خەڵکی توڕەیی و بێزاری لە بەرامبەر ئیسلام و ئیسلامی یەکان نیشان دا، ئەوەندەش ڕق و بیزاریان لەبەرامبەر ئەمریکا و هاوکارانیان نیشان دا.

لەم ڕووداوەدا دەریـچەیـەکی زۆر بچوك بۆ خەڵکی ئازادیخوازی جهان کرایـەوە کە بڵێ، بەڵێ لە نێوان ئەمریـکا و هاوکارانی و دوژمنە ڕواڵەتی و خۆ کردەیی یەکانی ڕێگایەکی تریش هەیە کە ئەویش هیزی ملیۆنی خودی خەڵکە. بە ووتەی مەنصور حکمەت هێزی سێهەم دێویـکی نوستوە کە ئەگەر هەستێ دەتوانێ پێش بە هەموو ئەو کارەساتانە بگۆرێ. هەموو گرفتەکە لە هەستانی ئەم هێزە دایە کە نەك تەنها دەیەیەکە بەڵکو چەند دەیـەیـە نوستوە.

بۆیـە ئەگەر بە ووردی سەرنج بدرێت هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە چ ئەمریکاو چ ڕەوت و حزبە ئیسلامی یەکان و چ ئەوانەی کە لە خولگەی ئەمانە دەسورێنەوە هەمیشە ڕووی دەمیان لە دژایەتی کردنی خەڵکە.

ئەمانە خۆشیان، چ ئەمریـکا و هاوکارانی، چ ئیسلامی یـەکان و دەوڵەتە ئیسلامی یـەکان خۆیـان لە ئێمە باشتر دەزانن کە هیچیان تەعبیر لە ڕای خەڵك ناکەن ئەگەرچی بە ڕواڵەت وا خۆیـان نیشان دەدەن. بۆیـە هەمیشە لە بەرامبەر خەڵکدا ڕاوەستاون.

ئەم دژایەتی یە کوێرەی ئەمریکا لە بەرامبەر خەڵکی و هەر هێزێکی ئازادیخواز بە باشترین نمونە لە ۱۰-۱۲ سالی ڕابردووی کێشەی نێوان ئەمریکا و بەعسدا بە زەق ترین شێوە دەرکەوتووە. شەڕی ئێستاشی کە لە بەرامبەر تیرۆر ڕایگەیاندووە جگە لە گەشە پێدانی تیرۆری خۆی و پشت گرتنی هاوشێوەکانی تری ئیسلامی‌یەکان زیاتر شتێکی تر نی یە. ئەوەی لەم نێوەدا تالیبان گۆڕی ون کرد ڕووداوێکی ئیجابی یە، بەڵام ئەگەر خودی ئەمریکا نەبوایە تالیبان و نمونەکانی نەدەگەیشتن بەم ڕۆژە. هەر ئیستاش هاوکاری زۆر لایەنی تری ئەم ئیسلامیانە دەکات. بە هەمان شێوە ڕەوتە ئیسلامی یەکان و دەوڵەتە ئیسلامی یەکان و دەست و پێوەندەکانیشیان نمونەی ئەمانەن وا خەریکی ساز دانی ئەم کۆنگرانەن هەمویان دژی خەڵکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتن. ئەو خەڵکەی کە بە درێژایی مێژوو ڕاپەڕین و شۆڕشیان کردووە لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و هەموو ئەو ئامرازانەی کە کاریگەرن لەسەر مانەوەی دەسەڵاتی‌یان بە تایبەتی ئاینی ئیسلام کە پێویست ترین پێویستی یەکانی مانەوەی هەر دەسەلاتێکی دکتاتۆری کۆنەپەرستە. بۆیـە ڕیسوا کردنی هەموو ئەوانەی کە خەریکی سپی کردنەوەی ڕووی ئیسلامن و دەیانەوێ ڕۆژێك تەمەنی ئیسلام لەسەر ژیانی خەڵك درێژ بکەنەوە، کاری هەموو مرۆڤێکی ئازادیخوازە.